چیرۆکی وەرگێڕدراو



ئەنتوان چیخۆڤ

# مردووی زیندوو

و: موعتەسەم سالەیی



عەرەبانەکە هێدی هێدی لە سەرەخۆ بەرەو گۆڕستانەکە ڕێگەی دەبڕی. تەرمی خوالێخۆشبوو "کیریل ئیڤانۆڤیچ"ی هەڵگرتبوو، کە بەدوو نەخۆشی و پەتای باو و بڵاوی وڵاتی رووسیا مردبوو، کە ئەویش بریتین لە مەی نۆشی و سەرمەستیی هەمیشەیی، لەگەڵ مشتومڕ و بەرەک بەرەکی بێ وچان لەتەک کەیبانووی ماڵدا... "بۆبلاڤسکی"ی هاوەڵی هەرە

خۆشەویستی کۆچکردوو لە نێو خەڵکەکەدا بەدی نەدەکرا، چونکە بەپەلە و بەبێ وەستان خۆی گەیاندبووە لای "گریگۆری"ی برادەری، کە ناوبانگی بەوتاردانی راستەوخۆ دەربارەی هەموو بابەتێک و رووداوێک لە هەموو بارودۆخێکدا دەرکردبوو. بەڕادەیەک گەر گریگۆری مەبەستی بووایە بەئاسانی وتاری دەدا. تەنانەت لە کاتی سەرخۆشیشدا لە توانایدا بوو وتار بدات. هەروەها لە کاتی نەخۆشی و ناساغیشدا هەر وتاری دەدا.. وتاری دەدا و وشە و رستە وەک لێشاوی ئاوی بەتەوژمی سۆندەی گالیسکەی ئاگرکوژێنەوە لە دەمیەوە دەردەپەڕین.. کاتێک بۆبلاڤسکی رووبەڕووی بووەوە پێی وت:

یەکێک لە هاوەڵەکانم کۆچی دوایی کردووە. هانام بۆ لای تۆ هێناوە و لە تۆیش بەولاوە هیچ ئومێد و پەنایەکی دیکەم نییە و، هیچ وتاردەرێکی تریش بەدی ناکەم. برادەرە شیرینەکەم، مردووەکە جێگری ئەو دەزگایەیە کە من کاری تێدا دەکەم، بۆیە شتێکی ناهەموار و کارێکی ناڕەوایە گەر بێتو بەبێ چەند وشەیەکی لاواندنەوە بخرێتە نێو گۆڕەوە.. بەپەلە پاڵتۆکەت لە بەربکە و بەدووم بکەوە.

گریگۆری هەندێک خۆی گرژ کردەوە باوێشکێکی دا و ئەوسا وتی:

جێگر! یانی ئەو مەیخۆرە دەبەنگە مردووە.!؟

بەڵێ خۆیەتی. سفرەی خۆراکی نیوەڕۆژەیش رادەخرێت و تۆیش ئامادە دەبیت. برادەری لە دڵا شیرینم با پەلە بڕۆین، بەڵکو تۆیش بتوانیت رەزامەندیی خەڵکی خوا بۆ لای خۆت رابپسکێنیت.

گریگۆری سواری عەرەبانە بوو، کەوتە نەخشاندنی سیمای خەم و پەژارە بەچرۆچارەی خۆیەوە، ئەویش لە پێناوی خۆ ئامادەکردن بۆ وتاردان و لاواندنەوە و تەڵقین خوێندن. من زۆر باش جەنابی جێگر دەناسم.. خوا لە گوناهی خۆشبێت تا بڵێیت پیاوێکی خراپ و نالەبار بوو.

وتاردەر ئەمەی وت و "بۆبلاڤسکی"ش سەرزەنشتی کرد و پێی وت:

هاوەڵی ئازیزم کارێکی ناڕەوایە گەر بەخراپە باسی مردووان بکەین.

ئەوەی دەیڵێیت زۆر راستە، گەرچی پیاوێکی پڕوپووچ بوو بەڵام با بەر رەحمەتی خوا بکەوێت.

لەو کاتەیدا کە تەرمەکەیان بۆ نێو چاڵی گۆڕەکە شۆڕ دەکردەوە، هەردووکیان پێکەوە

گەیشتنە خەڵکەکە.

دایکی خـوالێخـۆشـبـوو لەگـەڵ ژنەکـەی و دایکی ژنـەکـەیدا بەپێـوە وەسـتـابوون. وەک داوودەسـتـوورێکی بـاو بەخـوڕ فـرمێـسکیـان هەڵدەڕشت. کـاتێکیش تـەرمـەکـە خـرایە نێـو گۆڕەکەوە، هەروەکو چاولێکەرییەک ژنەکەی هاواری لێ هەڵسا و وتی:

لێم گەڕێن بامنیش لەگەڵیدا بڕۆم.!

سـەرەڕای ئەوەی کەس دەسـتی نەگرت، بەڵام لەگەڵیدا نەڕۆیشت و دەشـێت بیری بۆ لای مـووچەی خـانەنشـینەکەی خوالێخـۆشـبـوو چووبێت، کـە دەبوو بژێت تاوەکو وەری بگرێت.! گریگۆریی تەڵقین خوێن پاش هەندێک قورگ پاککردنەوە بەدیار گۆڕەکەوە وەسـتـاو دەسـتی پێ کرد و وتی:

دەشێ بڕوا بەچاو و گـوێی خـۆم بکەم؟ ئایا ئەوەی کـە دەیبـینم دەبێت لە خـەونێکی ترسناک بەولاوە تێ نەپەڕێت؟

ئایا راسـتـە ئەو کـەسـەی کە بەوپەڕی چالاکی و دەسـتـپاکـیـەوە بەتەنیشـتـمـانەوە بوو، ئێستا مرد و خرایە ژێر گڵەوە.!!

ئایا راسـتـە کـە مـەرگ "پرۆکـۆڤی ئۆزیچ"ی لە نێومـاندا راپسکاند، کـە لە هـەڕەتی لاوێتی و بەهێزیدا بوو سەرەڕای بەساڵاچوونیدا.!

چ زیانێک و چ کۆسـتێکمـان کـەوت؟ برۆگـۆڤی یەکێک بوو لە وانـەی کە بێ هاوتابوون لە چالاکی و دڵسـۆزیدا. لە هـەڵسـووڕاندنی کـارەکـانیدا هیچ درێخـیـیـەکی نەدەکـرد. بەداوێن پاکی و دڵ و دەروون روونیـیـەوە شـەوانە تاکـو کـاتێکی درەنگ ئیشی رادەپەڕاند. هـەرگـیز بەرتیلی وەرنەدەگرت و خیانەتیشی نەدەکرد.. زۆر قینی لەو جۆرە کـەسـانە هـەڵدەسـتا کـە دەیانویست بەرتیلی بدەنێ و دەمی چەور بکەن.. لە هـەمـان کاتیشدا زیادەڕۆییی نەدەکرد.. بەڵێ.. "پرۆگـۆڤی ئۆزیچ" بـەبەرچاوی هـەمـووممـانەوە هـەردەم مـووچە بچکۆلانـە و کـەمـەکـەی خـۆی، بەسـەری هـاوەڵ و ناسـیـاوە نـەدارا و دەسـتکورتـەکـاندا دەبەخـشـاندەوە.. ئەی جـەمـاوەری خـۆشـەویست، ئێـسـتـا هـەمـووتـان بەگـوێی خـۆتان گـوێبـیـسـتی دەنگی هاوار و گریانی بێوەژنان و هەتیوان دەبن، کە بـەهـۆی دەست و کەرەمی کۆچکردووەوە گوزەرانیـان دەکرد.. خۆی لە هـەموو ئاسـوودەگییەکی ژیانی خێزانایەتی بێبەش کرد و بەرەبەنی مایەوە سـەرجەمی ژیانی خۆی لە پێناوی جێبەجێکردنی کردەوەی چاکەدا تەرخان کردبوو.. ئاخ.!؟ داخی گـرانم.! ئێـسـتـا من لێـرەدا من دەمـوچاوە پرشـنگدار و سـەروڕیشـە تـاشـراوەکـەیم

هێشتا هەر لە بەرچاوە. هەروەک ئەوەی گوێم لە دەنگە پڕ لە سۆز و بەزەییەکەی بێت وەهایە.

خوات لەگەڵ ئەی "پرۆگۆڤی ئۆزیچ"ی کۆچکردووی ئازیزمان. هیوادارم خوای گەورە بەهەشتی پان و بەرینت پێ ببەخشێت.

وتاردەر بەردەوام بوو لەسەر وتارەکەی. سەرنجی خەڵکەکەی بۆ لای خۆی بەکێش کردبوو، بەڵام ناسیاوەکانی کۆچکردوو کەوتبوونە مقۆمقۆ، لە گەلێک شت واقیان وڕمابوو.! چونکە وتاردەر ناوی مردووەکەی بە "کیریل ئیڤانۆڤیچ" هێنا،

بەڵام لە راستیدا ناوی مردووەکە "کیریل ئیڤانۆڤیچ"ە.!؟

دووەمیش هەموو کەسێک بەباشی دەزانن، کە مردووەکە هەموو ژیانی لە پێناوی گوزەرانی ماڵ و منداڵ و خێزانەکەیدا بردەسەر، جا چۆن وتاردەر دەڵێت گوایە رەبەن بووە و ژنی نەهێناوە.!؟ سێیەمیش کابرای کۆچکردوو خاوەنی ریشێکی مەیلەو سووری چڕوپڕ بوو، کەچی کاکی وتاردەر بەسەر و ریش تاشراو ناوی برد.!؟

وتاردەر لەسەر قسەکانی رۆیشت، سەرسڕمانی گوێگرەکانیش هەر لە زیادبووندا بوو. چاویان لە یەکتری دادەقوچاند و شانیان بۆ یەکتری هەڵدەتەکاند.! کابرا لەسەری رۆیشت و وتی:

ئەی "پرۆگۆڤی ئۆزیچ" تۆ خاوەنی دەموچاوێکی لاواز و باریک بوویت، بەڵام ئێمە دەمانزانی کە خاوەنی دڵ و دەروونێکی پاک و بێگەردی پڕ لە خواستی کردەوەی چاکە بوویت.

حەشاماتەکە هەموو بەتاساچوون و واقیان وڕما، کاتێک کە تەڵقین خوێن بەسەرسڕمانێکی زۆرەوە روانییە مردووەکە کە بەدیار گۆڕەکەوە وەستابوو.!

ئەوجا رووی خۆی بەلای "بۆبلاڤسکی" وەرچەرخاند و وتی:

خۆ ئەوە زیندووە و نەمردووە!؟

بۆبلاڤسکی پرسیاری کرد و وتی:

مەبەستت کێیە؟

مەبەستم "پرۆگۆڤی ئۆزیچ"ە.! ئەوەتا بەدیار گۆڕەکەوە بەپێوە وەستاوە.!؟

وەڵامی وتاردەری دایەوە و پێی وت:

بەڵێ راستە ئەی وتاردەری گەمژە و دەبەنگ، چونکە ئەوەی کۆچی دوایی کردووە "کیریل ئیڤانۆڤیچ"ە نەک "پرۆگۆڤی ئۆزیچ"

بەڵام تۆ بەمنت وت گوایە جێگر مردووە.!

بەڵێ کاتی خۆی "کیریل ئیڤانۆڤیچ" لە پلەی جێگردا بوو، بەڵام لەم دواییەدا "پرۆگۆڤی ئۆزیچ" جێی گرتەوە.

ئێ تۆ ئەم شتەت بەمن رانەگەیاند، جا گوایە من چۆن بەم شتە پێ بزانم.!؟

بەتوورەییەوە وەڵامی وتاردەری داوە و وتی:

داخۆ بۆچی لە وتاردانەکەت وەستایتەوە؟ ئەی زەلامی بێ هۆش و نەزان بەردەوام بە لەسەری.

گریگۆری بەلای گۆڕەکەدا رووی خۆی وەرگێڕاوە، بەهەمان رەوانبێژی زمان لووسیی پێشووی درێژەی بەوتارەکەی دا. پرۆگۆڤی ئۆزیچی "مردووی زیندوو"یش بەچاوێکی پڕ لە رق و کینەوە تێی دەڕوانی.

پاش ناشتنی مردووەکە خەڵکەکە گەڕانە دواوە و ستایشی توانا و بەهرەی "گریگۆری"ی وتاردەریان دەکرد، کە چۆن توانیی پیاوێک زیندەبەچاڵ بکات.!؟

پرۆگۆڤی ئۆزیچ "مردووی زیندوو" رووبەڕووی وتاردەر بووەوە و بەتوورەییەوە پێی وت: گەر وتارەکەی بۆ لاواندنەوەی مردوویەک بوایە بێگومان زۆر باش بوو، بەڵام مەبەست لاواندنەوەی کەسێکی وەکو من بێت و منیش زیندوو بم، ئەوە مانای تەڵفیس و گاڵتەجاڕی دەگەیەنێت. تۆ شەکرت شکاند و وتت گوایە من کینە لە دڵ نیم و بەرتیل خۆریش نیم. ئەم قسەیەیش دەرهەق بەمووچەخۆرێکی زیندوو ناوترێت، جگە لە مەبەستی ناوزڕاندن و تاوانبارکردنی بەولاوە نەبێت. ئایا کێ داوای لێ کردوویت کە دەموچاوی من بەلاواز وەسف بکەیت؟ ئەمەیش سەرزەنشتێکە و هەرگیز لە توانامدا نییە قبووڵی بکەم و پێی رازیبم. هەر لەسەر ئەم قسەیەت سزات دەدەم. زۆر باش بزانە کەمن و تۆ بەرەنگارییەکی توند و تیژ لە نێوانماندا روو دەدات. دەبێت هەموو شتێکت لەگەڵدا یەکلایی بکەمەوە.